# کوردستان

له پێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستاندا

ژماره [٣٠]　پارتی ئازادیی کوردستان دەری دەکا　NO:(30)


عەلی قازی محەممەد:

## قانیعی فەرد بێحورمەتی بە هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە حەیاتی خۆیان بۆ خزمەتی گەلی کورد بەڕێکردوە

ل٣



پەلاماردانی یارسانیان پەلاماردانی نەتەوەی کوردە ل٢

گەمارۆکان هیچ کاریگەریەکیان نیبە، بیر لە هێرشی نیزامی بکەنەوە ل٣



گەلانی ئێران پتر لە سی ساڵە لە گەمارۆدان ل٥



دۆسیەی ئەتۆمی و قەیرانە ناوخۆییەکان ئێران بە چ ئاقارێکدا دەبەن ل٦



پەیامی سەرۆکی PAK بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ جەلالەدین حسەینی ل٧



حسەین یەزدانپەنا:

# کێیە ئەو کەسەی تیر و تانە لە شۆڕشی کورد و سەرەوریی سەرکردەکانی دەگرێ؟



بەڕاستی ئەوە جگە لە گەورەیی کورد و سەروەریی سەرکردەکانی و داماوی دوژمنان و ناحەزانی چی دەگەیەنێ کە دوو سیخوڕی دوو ڕێژیمی دژ بە یەک هەردووک پێکەوە هاودەنگ دەبن بە دژی خەبات و سەروەریی سەرکردەکانی کورد؟

ل ٤

## ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی خوازیاری هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی حەوت کەسە لە ئێران

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە بەیاننامەیەکدا کە لە ١٦ گەلاوێژ سەبارەت بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ جەعفەر کازمی بڵاویکردووەتەوە، لەگەڵ نا دادپەروەرانە زانینی ئەم حوکمە، بە نامرۆڤانە لەقەڵەمدانی حوکمی ئێعدام، کۆماری ئیسلامیی بۆ پابەند بوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بانگهێشتکرد. لە بەیاننامەکەدا ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئاماژە کردن بە ڕەتکردنەوەی داوای پێداچوونەوە و پێڕاگەیشتنی دووبارە بە فایلی جەعفەر کازمی لە لایان دیوانی باڵای کۆماری ئیسلامییەوە، گوتی کە حوکمی ئێعدامی جەعفەر کازمی لەوانەیە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێ. جەعفەر کازمی بە تۆمەتی بەشداریی لە خۆپیشاندانی د ژ ی حکو مە تی و هەروەها پێو ە ند یی لە گە ڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاوە. هەروەها بە گوتەی ئەمنێستی ئینترناشناڵ ئێستا شەش کەسی دیکە بە تۆمەتی پێوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

## ئەگەربێتو رووسیا بازرگانی چەک لەگەڵ ئێران رابگرێ، ئەوە ١٣ ملوێن دۆلار زەرەر دەکا



سەرۆکی ناوەندی نەتەوەیی رووسیا بۆ بازرگانیی چەک ڕایگەیاندووە کە لە کاتی مامەڵەنەکردن و هاوکاریی نەکردنی رووسیا لەگەڵ ئێران، ئەوە نزیکەی ١٣ ملوێن دۆلار زەرەر دەکا. سەرۆکی ناوەندی نەتەوەیی رووسیا بۆ بازرگانیی چەک «کێگۆر کۆتشینکۆ» ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر بێت و رووسیا هاوکاریی ئێران نەکا لە بواری چەکدا، ئەو زیانانەی کە بەر وڵاتەکەی دەکەون خۆی لە ١٣ ملوێن دۆلار دەدا.

## جمووجۆڵەکانی ئێران بۆ بێ هێز کردنی عێراقە



لێپرسراوێکی ئەمریکا لە عێراق ڕایگەیاند، ئێران لە ڕێگەی جمووجۆڵە دیپلۆماسی و تێکدەرانەکەیەوە حەول بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی لە عێڕاقدا دەدات. جیم جیفری کە وەک باڵیۆزی نوێی ئەمریکا لە بەغدا دەستبەکار بووە لە وتەیەکدا بۆ ئەندامانی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا ڕایگەیاند، کۆماری ئیسلامی ئێران عێراقێکی دەوێت لە رووی سیاسییەوە بێهێز بێت و کار بۆ ئەوە دەکات کاریگەری ئەمریکا کەمبکاتەوە. هەروەها گوتی «ئەوە زۆر روونە کە ئێران دەیەوێت عێراق بە بێهێزی بمێنێتەوە و هەمیشە هەژموونی خۆی بەسەریدا زاڵ بێت». ڕوونیشیکردەوە، پێویستە بۆ ڕێگە گرتن لە هێنانەدی ئەو ئامانجە کار بۆ ئەوە بکەین عێراق لە رووی ژێرخانی ئابووری و سیاسییەوە بنیاتبنێینەوە و پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەهێز بکەین.

## کۆشکی سپی پێشنیارەکەی ئەحمەدی نەژادی رەتکردەوە





لە وەڵامی پێشنیارەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا، وتەبێژی کۆشکی سپی ئەو داوایەی بۆ وتووێژ لەگەڵ ئۆباما سەبارەت بە بەرنامە ناوکییەکەی ئێرانی، ڕەتکردەوە. ڕۆبەرت گێبس وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە ئەمریکا هەموو کاتێک ئامادە بووە وتووێژ و دانوستان لەگەڵ ئێران ئەنجامبدا سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بەڵام ئەوە تارانە کە هیچکات بەشێوەی جیدی حەولی ئەوەی نەداوە کە لەسەر مێزی وتووێژ دابنیشێ. شایانی باسە کە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ئەحمەدی نەژاد پێشنیارێکی خستبووەبەردەم باراک ئۆباما لە بەرانبەر یەک دابنیشن و سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکی ئێران وتووێژ بکەن.

## یەکێتی ئوروپا توندترین گەمارۆکانی لە دژی ئێران پەسند کرد





لە دانیشتنی ڕۆژی دووشەممە ٢٦ جولای ٢٠١٠ی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئوروپا لە برۆکسێل، گەمارۆگەلێکی نوێیان لە دژی ئێران پەسند کرد و بە وتەی دیپلۆماتە ئوروپاییەکان، ئەم گەمارۆیانە توندترین شێوەیە لە دژی وڵاتێک. ئەم گەمارۆ نوێیانە کاردانەوەیەکە لەدژی بەرنامەی ناوکی ئێران و دەگوترێ ئەمە توندترین گەمارۆیە کە یەکێتی ئوروپا لە دژی وڵاتێکی دەرەکی پەسندی دەکا. ڕادیۆ فەرانسە، بەپێی ڕێککەوتنی دوێنێی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئوروپا، ئەم گەمارۆ نوێیە بەشێکی زۆر لە بوارەکانی ئابوری-سیاسی بە تایبەت پیشەسازی نەوت و گاز و هێنان و بردنی کەلوپەلی ئێرانی لەخۆ گرتووە. چالاکی هێندێک لە بانکەکانی ئێران لە ئوروپا بەم پێیە قەدەغە دەکرێ و فرۆشتنی کەلوپەل بە ئێرانیش ڕووبەڕووی توندبوونەوەی زیاتر دەبێتەوە، هەروەها ڕاگەیەندراوە کە ئەم سزایانە لە ڕۆژی سێشەممە ٢٧ جولای ٢٠١٠ەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردن. هەروەها لە ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا هاتووە هەرجۆرە سەرمایەدانانێک، فرۆشتنی تەجهیزات و گواستنەوەی تێکنۆلۆژی لە بواری نەوت و گاز بۆ ئێران قەدەغەیە و هەموو ئەو پاپۆڕانەی کە کەلوپەل لە وڵاتانی دیکەوە بۆ ئێران دەگوازنەوە، پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێ. شایانی باسە کە زۆربەی ئەم دامەزراوانە سەر بە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییە. لەگەڵ دەرکردنی ئەم گەمارۆ نوێیانە، پێدانی ڤیزا بۆ هێندێک لە کەسایەتییە سیاسی و حکومەتییەکان بە تایبەتی ئەندامانی سپای پاسداران، قەدەغەیە. هەروەها لە لای خۆیەوە ئەمریکا پێشوازیی لە بیرۆکەی یەکێتی ئوروپا و کانادا بۆ سەپاندنی گەمارۆگەلی نوێ لە دژی پیشەسازییە گرینگ و چارەنووسازەکانی نەوت و گازی ئێران کرد. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتویەتی وڵاتەیەکگرتووەکان پێشوازیی لەو هەنگاوانە دەکا کە لە لایان هاوپەیمانە ئوروپایی و کاناداییەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٩٢٩ ئەنجومەنی ئاسایش، هەڵیانگرتووەتەوە. ئەم وتەبێژەی ئەمریکا سەبارەت بە کاریگەریی گەمارۆکانیش گوتی، ئێمە تا ئەم خاڵەش وروده ورده شایەتی کاریگەریی گەمارۆکانین، بەو هۆیەی کە کۆمپانیاکان لە سەرانسەری جیهان لەباتی ریسکی تێوەگلان لە بەرنامەی ناوکی ڕێژیمی تاران و زۆربەی چالاکییە قەدەغەکراوەکان، خۆیان لە بازرگانی کردن لەگەڵ ئەم وڵاتە دەبوێرن.